کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:32 25-8-2007

# گۆران لێرەوە دەست پێ دەکات جیاکردنەوەی کۆمپانیای وشە لە رۆژنامەی ئاسۆ ... کارمەندێک لە کۆمپانیای وشە

وابزانم دواکەوتم لە نووسینی ئەم وتارە، بەهەرحال دوای ئەوەی کە وتارەکەی کاك نەوشیروانم بینی لەسەر ریفۆرم نوسیبووی، زۆر خۆشحال بووم کەسێك بەو شارەزاییەوە بێت وتارێکی ئاوا بنوسێت کە بەراستی لە هەموو روویەکەوە بێ کەم و کوری بوو بە بروای من، بەڵام ئەوەی سەرەنجی من رادەکێشێ و دەمەوێ لێرە بیخەمە روو ئەوەیە: کە کاك نەوشیروان بەو ئەزموونە زۆری هەیەتی لە شۆرش و دواتریش وەك کەسێکی رۆشنبیر و سیاسەتمەدار و شارەزا لە بواری نوسین، تەنانەت لەو رێچکەیەی کە بۆی هەولدەدات (ریفۆرم)، ئەم جارەش نەیتوانی سەرکەوتن بە دەست بهێنێ لە ئامانجەکانی.

ئەو کەسانەی کە لە دەوروبەری کۆبوونەوە سەرتا بریتی نەبوون لە کەسانی ریفۆرم خواز، تەنانەت ئەو کەسانە نەبوون بە دوای ریفۆرم بگەرێن و لە ناو گەندەلیا گەورە نەبن، پێویست بوو لەسەر بنەمای دروست کردن ئەو کۆمپانیایە دابمەزرایە، ئەگەر دواش بکەوتایە، نەك هێنانی کەسانی دیکە کە شارەزاییەکی زۆریان لە گەندەلی هەیە و ناتوانن ببن بە ریفۆرم خواز.

ئەوەی من لێرە باسی دەکەم نموونەیەکی بچوکە لە کۆمپانیای وشە، ئەویش بریتیە لە گرنگی دان بە کارمەندانی رۆژنامەی ئاسۆ.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمپانیای وشە، لەو کاتەی هێشتا سەرنوسەر بۆ سایت و رۆژنامەکە دیاری نەکرابوو، بابەکر درەیی وەك سەرپەرشیارێك لەو کۆمپانیایە کاری دەکرد، چەند کەسێکی وەك (سیروان رەشید و هیوا جەمال.. هتد) لە خۆی کۆکردبۆوە کە لە رۆژنامەی ئاسۆ کاریان دەکرد، (سیروان رەشید) پێشتر بەرپرسی بەشی هەواڵ بوو لە رۆژنامەی ئاسۆ، (هیوا جەمال) کە ماوەیەك بوو چووبووە رادیۆی نەوا ئەویش بەرپرسی بەشی راپۆرت بوو لە رۆژنامەی ئاسۆ بەر لە چوونی بۆ نەوا، ئەوە جگە لەوەی پەیوەندی بە چەندانی دیکەوە کرابوو، لە سلێمانی و هەولێر و کەرکوك و دهۆکیش، دواتر لە گەڵ راگەیاندنی سایت و رۆژنامەکەش ماوە ماوە چەند کەسێکیان دەهێنا بۆ کۆمپانیای وشە، کە زۆربەشیان لە رۆژنامەی ئاسۆ بوون، تەنانەت هەموو ئەرکە گرنگەکانیش بەوانە دەدرا کە لە رۆژنامەی ئاسۆ دەهاتن، بۆ نموونە:

(فەرمان عبدالرحمان) کە بەرپرسی بەشی راپۆرتی رۆژنامەی ئاسۆ بوو، بریاربوو هەمان بەشی پێبدرێت لە رۆژنامەی رۆژنامە دواتر لەبەر هەندێ کێشە کە لە نێوان خۆی و (سەردار عبداللە) ی سەرنوسەر هەبوو لە رۆژنامەکە نەما چوو بۆ سایت، (سیروان رەشید) کە لەسەرتاوە باسمان کرد یەکێك بوو لەوانە زۆر زوو هاتە کۆمپانیا ئەویش لەگەل (سەردار) پەیوەندیان باش نەبوو کرا بە لێپرسراوی شفتێك لە سایت، (رەزا مەنوجەهری) کە بەرپرسی بەشی بیرورا بوو لە رۆژنامەی ئاسۆ هەمان بەشی وەرگرتەوە لە رۆژنامەی رۆژنامە، (هیوا جەمال) کرا بە بەرپرسی بەشی هەوال لە رۆژنامەی رۆژنامە، (بەهائەدین یوسف) کە دوای سیروان رەشید لە رۆژنامەی ئاسۆ کرابوو بە بەرپرسی بەشی هەوال بەلێنیان پێدابوو ئەگەر بێتە رۆژنامەی رۆژنامە هەمان بەشی دەدرێتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی بەشەکەیان بە (هیوا جەمال) دا، ئەو وەك هەوالسازێك لە رۆژنامەکە مایەوە، دواجار (مەهدی ئەبوبەکر و ئاودێر شێخ عومەر) کە لە رۆژنامەی ئاسۆ بۆخۆیان ئیمپراتۆرێکی سەربەخۆ بوون، هاتنە کۆمپانیای وشە، هەر یەکەیان بە پلەیەکی گەورەوە، (مەهدی) کە جێگری (ستران عبداللە) ی سەرنوسەری ئاسۆ بوو کرا بە بەرێوەبەری نوسین لە رۆژنامەی رۆژنامە و ئاودێریش کە بەرێوەبەری نوسین بوو کرا بە سکرتێری نوسین، ئەوانە چەندان کەسیشان لەگەڵ خۆیان هێنا، بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی هێنایان بریتی بوون لە کارمەندی بەسیت، چونکە ئەوانە دواکەوتبوون و پێش ئەوان هەموو شتێك کرابوو، دەسەلاتیشیان زۆر کەمکرایەوە، چونکە ئەوەی لە رۆژنامەی ئاسۆ بۆیان دەچوە سەر لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کۆمپانیای وشە بۆیان نەدەکرا و تەنانەت بۆیان نەبوو خۆ لە یەك کارمەند تورە بکەن، بەڵام هەرچۆنێك بێت رازی بوون، لەبەر ئەوەی موچەکەیان (250000) دووسەدو پەنجا هەزار زیاتر بوو، کۆمپانیای وشە بەوانەش نەوەستا کارمەندێکی زۆری لە کارمەندە سەرەکیەکانی رۆژنامەی ئاسۆ بۆ خۆی برد، لەوانەش (محەمەد هاجەری) کە لە رۆژنامەی ئاسۆ بەرپرسی بەشی تەکنەلۆژیا بوو و هەروەها نەخشەسازیش بوو، لە رۆژنامەی رۆژنامە کردیان بە نەخشەساز، چۆپی ئەو کچە نازدارەی کە بە زمانە لوسەکەی لەگەڵ هەر خاوەن کۆمپانیایەك قسە بکات وەك شەیتان هەلیدەخەلەتێنێ، ئەو کە سەرەکیترین کارمەندی ریکلام بوو لە رۆژنامەی ئاسۆ، ئەویشیان بۆ رۆژنامەی رۆژنامە هێناو بەشی ریکلامیان پێ سپارد لەگەڵ چەندانی دیکە.

ئەوە لە سلێمانی: لە کەرکوکیش بە هەمان شێوە هیچ کەسێکیان دەست نەکەوت تەنیا ئەو رۆژنامەنوسانە نەبێت کە لە قوتابخانەی (ئاسۆ) پەروەردە ببوون، (ئارام جەمال) لە سەرەکیترینیان بوو کە هاتە ئەو دەزگایە هەرچەندە هەندێکی وەك کامەران نەجار هاتن بەڵام ئەوەندە نەمانەوە، هاوکات کەرکوکیش وەك شارەکانی دیکە ئەوەندە گرنگی پێنەدرا، چونکە ئەو دەزگایە لەسەرەتاوە سلێمانچیاتی پێوە دیار بوو، چگە لەوەی ناوەکان و کەسەکان لەسەر ئاستی جوگرافی دیاری نەکرابوون، ئەو کەسانە کاریشیان تێدا دەکەن هەمووی خەلکی سلێمانین ئەوانی دیکە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

لە هەولێرو دهۆك ئەو کەسانەی کار لەگەڵ کۆمپانیای وشە دەکەن بریتین لە چەند کەسێك کە ئەوان کەم و بەرچاوبوون لە رۆژنامەی ئاسۆ، لەوانە (علی سدیق) کە هەرچەندە وەك پەیامنێرێك لە رۆژنامەی ئاسۆ کاری دەکرد، بەڵام سەرپەرشتیەکی تەواوی رۆژنامەی ئاسۆی دەکرد لە هەولێرو تەواوی پەیوەندیەکانی رۆژنامەی ئاسۆ لەگەڵ حکومەت و پەرلەمان و ئیش و کاری ئیداری و رۆژنامەوانی لە ئەستۆی ئەو بوو لە دوای (بلند مستەفا)، ئەویشیان بۆ کۆمپانیای وشە برد بوو هەمان ئەرکیان داێ، ئەو کورە لەبەر برادەرایەتی ستران عبداللە لەگەڵ شێرزاد شێخانی کە بەرپرسی نوسینگەی هەولێری رۆژنامەی ئاسۆیە نەکرا بە بەرپرسی نوسینگەی رۆژنامەی ئاسۆ، لە کۆمپانیای وشەش هەمان شت دووبارە بویەوە هەموو شتەکانی کۆمپانیای وشە لە هەولێر علی سدیق دەکات بەڵام تا ئێستا نەیانکردۆتە بەرپرسی نوسینگەی هەولێر، چگە لە ئەو چەند کەسێکی دیکەشیان هێنا بۆ کۆمپانیای وشە ئەوانیش زۆربەیان لە رێگای علی سدیق بوو، کارزان کەریم کە لە دوای علی سدیق پەیامنێری سەرەکی رۆژنامەی ئاسۆ بوو لە هەولێر، بە ناوی بامەندی کەریم لە رۆژنامەی رۆژنامە و سایتی سبەی کار دەکات، هەرچەندە گرێبەستیشی ماوە لە ئاسۆ بەڵام ئەوەندەی من ئاگادار بم لەبەر ئەوەیە کە تا ئێستا لە کۆمپانیای وشە گرێبەستیان بۆ نەکردوە.

لە دهۆك: سەرەتا لە کۆمپانیای وشە پەیوەندی بە رۆژنامەنوسێکی زۆری دەڤەری دهۆك کرا، ئەوانەی کە ناسراو بوون، رەوەند نهێلی و عیسا دەبستانی و چەند کەسێکی دیکەش بوون، کە زۆربەیان لە رادیۆی نەوا کاریان دەکرد، بەڵام لە کۆتایدا ئەوانە هیچیان نەمانەوە تەنیا دوو رۆژنامەنووس نەبێت کە ئەوانیش هەر لە رۆژنامەی ئاسۆ کاریان دەکرد و برادەرێکی نزیکی (علی سدیق) بوون لە رێی ئەو هاتبوون، ئارام شێخ وەسانی کە بە ناوی رەهەند حیکمەت لە وشە کاردەکات و سەرکەوت لەتیف بە ناوی دلۆڤان لە وشە کاردەکات، ئەو دوو کورە هەردووکیان سۆرانی بوون و ئێستاش لە رۆژنامەی ئاسۆن، بەڵام بە پاداشت لە کۆمپانیای وشە کار دەکەن.

زۆربەی هەرە زۆری ئەو رۆژنامەنووسانەش لە کۆمپانیای وشە بێزار بوونە، بەڵام لەبەر سێ هۆکار ناگەرێنەوە رۆژنامەی ئاسۆ یاخود دەست لە کار ناکێشنەوە، ئەوانیش:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 23:32 25-8-2007

1- هەر لە سەرتای رۆیشتنیان بۆ كۆمپانیای وشە تاكو ئێستاش زۆربەی زۆریان لە لایەن ستران عبداللە، سەرۆكی دامەزراوەی خەندان ئیهمال كراون و پێیان نەگوتراوە بگەرێنەوە.

2- زۆربەیان دلیان بەوە خۆشە كە ئەو كۆمپانیایە داهاتوویەكی باشی هەیە بەهۆی ئەزموونی كاك نەوشیروان و دەبێ كاك نەوشیروانیش كە لەو پەری دەسەلاتەوە هاتۆتە خوارەوە شتێكی وای پێبێت كەسایەتیەكی گەورە بۆ هەموو تاكەكانی ئەو كۆمپانیایە دروست بكات.

3- هەندێكیشیان وەك كاسبیەك لەو كۆمپانیایە ماونەتەوەو مانگ بە مانگ پارەكەی خۆیان وەردەگرن و پێیان باشترە لەوەی بچنەوە مال بێ كار دابنیشن، رەنگە لەبەر ئەوەش بێت كە شوێنی دیكە بۆ كاسبی لە كۆمپانیای وشە باشتر نەبێت.

جا ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە گۆران وا ناكرێت تۆ بێیت لەسەر ئەزموونی كەسێكی دیكە گۆران بكەیت كە هیچ شتێكی لەتۆوە نزیك نەبێت، پێویستە بۆ هەر گۆرانێكی لە ریشەوە لە خۆتەوە دەست پێبكرێت و هەولی دروست كردنی نەوەیەكی نوێ بدرێت و ئەو نەوەیەش پاك بێت و بە هیچ شێوەیەك لە ناو گەندەلی نەژیا بێت.

هەموو كارمەندانی كۆمپانیای وشەش باش دەزانن ئەو گەندەلیانە هەیە، بەلام كێشەكە هەمووی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە كە تاكو ئێستا نەوشیروان مستەفا تەداخولی ئیش و كارەكانی ناو دەزگاكەی نەكردووەو ویستویەتی شەرعیەت بدات بەو كەسانەی ئەركی لێپرسراویەتیان پێ سپێردراوە، بەلام ئەو كەسانە لەبەر ئەوەی خۆیان گەندەلن نایانەوێ چاكسازی بكەن و كەسانی باش پێ بگەیەنن و خۆشیان چاكبكەن.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.